

سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی و
ماڵپەڕی مەولەوی

# یەکەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی مەولەویناسی

لە ڕۆژانی (٢-٣/٥/٢٠٢٤)دا ئەنجام دەدەن

The Presidency of University of Sulaimani and Mawlawi Website

# THE FIRST SCIENTIFIC CONFERENCE OF MAWLAWINASI

On 2-3/5/2024 will be done

+964(0)773 264 1638
+964(0)772 595 2020

WWW.UNIVSUL.EDU.IQ
WWW.MAWLAWI.KRD

mawlawi.conf@univsul.edu.iq
https://mawlawi24.univsul.edu.iq/ku/

## دیدگای کۆنفرانس:

سـەید عەبدولڕەحیمـی تاوگـۆزی، کـە نازنـاوە شـیعرییەکەی (مەعدومی)یـە، لـە کایـەی ڕۆشـنبیریی کوردیـدا زیاتـر وەك شـاعیرێك ناسـراوە، بـەڵام بەدەر لـەوەی یەکێکە لە شـاعیرە دیارەکانـی کـورد، زانایەکـی ئایینـی و عارفێکـی گـەورە بـووەو چەندیـن کتێبی لـە بوارەکانی عەقیدە و کەلامدا بە زمانەکانی عەرەبی و فارسـی داناوە. سـەرەڕای ئـەوەی چەندین میهرەجان و فیسـتیڤاڵ لەسـەر ئەم شـاعیرە ئەنجامدراون، بەڵام هێشـتا نەتوانراوە وەك پێویسـت ئەم کەسـایەتییە گەورەیـە و بەرهەمەکانـی بناسـێنرێن، بـە تایبەتـی بـە جیهانـی دەرەوە؛ لـەم ڕوانگەیـەوە بـۆ زیاتـر ناسـاندن و لێکۆڵینەوە لـە مەولەوی وەك شـاعیر و زانـاو عاریفێك، لەم کۆنفرانسـەدا ئـاوڕ لە سـێ ڕەهەندی سـەرەکیی ئـەم کەسـایەتییە دەدرێتەوە، کـە بریتین لە: **مەولـەوی وەك زانـا و عاریفێك، مەولەوی وەك شـاعیرێك و** گرنگیدان بـە ڕەهەندی مێژوویی ژیانـی مەولـەوی لـە ڕووی نامەو دەستنووسـەکانی پەیوەسـت بەم شـاعیرەوە.

## ئامانجی کۆنفرانس:

- توێژینەوە لە بەرهەمەکانی مەولەوی لە بوارەکانی عەقیدە و کەلام و سۆفیگەریدا.
- توێژینەوە لە ڕەهەندە جیاواز و قسە لەسەر نەکراوەکانی شیعری مەولەوی.
- دۆزینـەوە و سـاغکردنەوە و لێکۆڵینـەوە لـە رەهەنـدە جیاوازەکانـی ژیـان و بەرهەمەکانـی مەولـەوی لـە ڕوانگـەی دەسـتنوس و نامەکانـی پەیوەسـت بـە مەولەوییـەوە.

# تەوەرەکانی کۆنفرانس:

## یەکەم: تەوەری زانستەکانی عەقیدەو کەلام و سۆفیگەری:

١. عەقیدەی ئیسلامی و زانستی کەلام لە کتێبەکانی مەولەویدا.
٢. بژاردەکانی مەولەوی لە بابەتەکانی عەقیدە و کەلامدا.
٣. بابەتەکانی ڕێبازو دەستە ئیسلامییەکان (الفرق الإسلامية) لە کتێبە کەلامییەکانی مەولەویدا.
٤. بابەتە لۆجیکییەکان (المسائل المنطقية) لای مەولەوی.
٥. سۆفیگەری و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانی مەولەویدا.

## دووەم: تەوەری ئەدەب:

١. بەراوردکردنی مەولەوی لەگەڵ شاعیرانی کورد و نەتەوەکانی تر.
٢. مرۆڤ سەنتەری لە شیعری مەولەویدا.
٣. مامەڵەی تایبەتی مەولەوی لەگەڵ سروشت.
٤. نامە و نامە گۆڕینەوەی شیعری لای مەولەوی.
٥. پراگماتیك و کاریگەریی بارودۆخ لەسەر شیعرەکانی مەولەوی.
٦. شیعری فێرکاریی لەبەرهەمەکانی شاعیردا.
٧. هەر بابەتێکی تری پەیوەست بە لایەنی ئەدەبی مەولەوی.

## سێهەم: تەوەری مێژوویی:

١. ژیاننامە و پەیوەندییە جیاوازەکانی مەولەوی بە جەختکردنەوە لە بەڵگەنامە و دەستنووسەکان.
٢. ناساندن و ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەڵگە و دەستنووس و نامەکانی پەیوەست بە مەولەوی.
٣. پێداچوونەوە و دووبارە ساغکردنەوەی ژیان و بەرهەمەکانی مەولەوی.

## چوارەم: تەوەری زمانەوانی:

١. ڕەهەندی توانا زمانییەکانی مەولەوی لە میانەی بەرهەمە عەرەبی و فارسییەکانیدا.
٢. چەمك و زاراوەکان لە فەرهەنگی بەرهەمەکانی مەولەویدا.

## زمانەکانی کۆنفرانس:

- کوردی (سەرجەم دیالێکتەکان)، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، تورکی.

## کاتە کرنگەکانی کۆنفرانس:

- دواکات بــۆ وەرگرتنی پوختەی توێژینەوەکان: (١٥-١١-٢٠٢٣)
- کاتی وەڵامدانەوەی پـوختە پەسەندکراوەکان: (١-١٢-٢٠٢٣)
- دواکات بۆ ناردنی توێژینەوەکە بە تەواوکراوی: (١-٤-٢٠٢٤)
- کــاتی ڕاگەیاندنی توێژینەوە پـەسەندکراوەکان: (٢٥-٤-٢٠٢٤)
- ڕۆژانــــی ئـــەنجامـــدانی کــۆنفــرانــس: (٢-٣/٥/٢٠٢٤)
- پوختەو توێژینەوەکان دەنێردرێن بۆ ئەم ئیمەیلە: mawlawi.conf@univsul.edu.iq
- بــۆ زانیــاری زیـــاتر و پەیـوەنـدیکـــردن: (٠٧٧٣٢٦٤١٦٣٨) (٠٧٧٢٥٩٥٢٠٢٠)

## ڕێنمایی و مەرجەکانی توێژینەوە بۆ کۆنفرانس:

١. ناردنی پوختەی توێژینەوە لەگەڵ ژیاننامەی زانستیی توێژەر و ئیمەیل و ژمارەی تەلەفۆن.

٢. ئەو توێژینەوەیەی دەنێردرێت بۆ کۆنفرانس، نابێت پێشتر لە هیچ گۆڤارێك یان شوێنێکی تردا بڵاو کرابێتەوە.

٣.پێویســتە توێژینــەوەکان ســەرجەم مەرجــە زانســتی و ئەکادیمییەکانــی نوســینی توێژینەوەی زانســتییان تێــدا بێت، بەتایبەتیــش ڕەچــاوی ئــەم خاڵانە بکرێــت: (ناونیشــانی توێژینەوە پوخــت و ڕوون بێت، نــاوی تەواوی توێژەر، شــوێنی کارکــردن، نــاوی وڵات، پوختــەی توێژینەوە، کلیلە وشــە).

٤. شـێواز و ڕێنماییەکانی نوسـینی توێژینەوە لە ڕووی فۆنتەوە لە سـایتی تایبەت بە کۆنفرانسـدا دادەنرێت و پێویسـتە توێژەر پابەنـد بێت پێوەیان.

٥. توێژینەوەکان بە پێی ڕێوشـوێنەکانی هەڵسـەنگاندنی توێژینەوەی زانسـتی دەنێردرێن بۆ هەڵسـەنگێنەران و لەسـەر بنەمای هەڵسـەنگاندنی ئەوان پەسـەند، یـان ڕەتدەکرێنەوە.

٦. پێویستە توێژینەوەکە لە (٣٠) لاپەڕە زیاتر نەبێت.

٧. ســەرجەم توێژینــەوە پەســەندکراوەکان لــە ژمارەیەکــی تایبەتــی گۆڤاری زانکــۆی ســلێمانیدا بڵاودەکرێنــەوە و توێژەر دەتوانێــت وەك توێژینــەوەی گۆڤــار بــۆ بەرزکردنــەوەی پلەی زانســتی ســوودی لــێ وەربگرێت.

٨. هــەر توێژەرێــك بەرهەمەکانــی مەولەویــی دەســت نەکــەوت، ماڵپــەڕی مەولــەوی لــە ڕێگــەی ئــەم لینکــەوە (www.mawlawi.krd) هاوکاری دەبێت بۆ دەستکەوتنی ئەو بەرهەمەی توێژەر پێویستییەتی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

## سەرپەرشتیاری کۆنفرانس:

- پرۆفیسۆر دکتۆر کۆسار محمد علی مراد — سەرۆکی زانکۆی سلێمانی
- ئەندازیار عادل لطیف مەولەوی — خاوەن ئیمتیازی ماڵپەڕی مەولەوی

## لیژنەکانی کۆنفرانس:

### لیژنەی زانستی:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | پ. د. محمد امین عبدالله (تاتانی) | زانکۆی سلێمانی | سەرۆکی لیژنە |
| ٢. | پ. د. احمد علی عجیبة | زانکۆی ئەزهەر | ئەندام |
| ٣. | پ. د. رمضان یلدرم | زانکۆی ئەستەنبوڵ | ئەندام |
| ٤. | پ.ی.د. ج.ئەندریۆ بۆش | Bard Collage | ئەندام |
| ٥. | پ. ی. د. سەبور عەبدولکەریم (شکار) | زانکۆی سلێمانی | ئەندام |
| ٦. | پ. ی. د. هەردی مەهدی میکە | زانکۆی سلێمانی | ئەندام |
| ٧. | پ. ی. د. عادل محمد علی (شێخانی) | زانکۆی سلێمانی | ئەندام |
| ٨. | پ. د. ئومێد نجم الدین موفتی | زانکۆی سەلاحەدین | ئەندام |
| ٩. | پ.ی.د. نەوید کەمال غەیاس نەقشبەندی | زانکۆی کوردستان | ئەندام |
| ١٠. | پ. ی. د. جەمال ئەحمەد ئەحمەدی | زانکۆی ئیسلامی سنە | ئەندام |
| ١١. | پ. ی. د. هادی محمد حسن ریزوان | زانکۆی کوردستان | ئەندام |
| ١٢. | پ.ی. حسین حسن کریم | زانکۆی سلێمانی | ئەندام |

### لیژنەی ڕاوێژکاری:

١. مامۆستا محەمەد عەلی محەمەدساڵح قەرەداغی
٢. د. ڕەئوف عوسمان مەعروف
٣. مامۆستا ئەیوب کوێخا ڕۆستەم کەریم
٤. مامۆستا محەمەد یوسف سەعید عەبدوڵڵا

### لیژنەی ئامادەکار:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | پ. ی. د. فەتاح حەمەڕەحیم فەتاح | سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی | سەرۆکی لیژنە |
| ٢. | د. فاضل حەمە سەعید ئەمین | زانکۆی سۆران | ئەندام |
| ٣. | پ. ی. د. کاروان عبدالله محمد | زانکۆی سلێمانی | ئەندام |
| ٤. | م. ی. قاسم محمد فرج | زانکۆی سلێمانی | ئەندام |
| ٥. | م. محمد جلیل علی | سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی | ئەندام |
| ٦. | م. هدی حمە حسین عبدالقادر | ماڵپەڕی مەولەوی | بڕیاردەری لیژنە |
| ٧. | ئەندازیار عادل لطیف مەولەوی | ماڵپەڕی مەولەوی | ئەندام |

### لیژنەی پەیوەندی و ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیای زانیاری (IT)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | پ.ی.د. یۆهان عوسمان حەمە | بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی زانکۆ | سەرۆک |
| ٢. | م. محمد جلیل علی | سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی | ئەندام |
| ٣. | ئارام بکر عمر | سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی | ئەندام |
| ٤. | ڕۆژگار لطیف محمد | سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی | ئەندام |

### لیژنەی دارایی:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | م. توانا عبدالله حسین | ماڵپەڕی مەولەوی | سەرۆک |
| ٢. | ساماڵ مصطفی حسین | بەڕێوەبەری ب. ژمێریاری لە سەرۆکایەتی زانکۆ | ئەندام |
| ٣. | دانا فایەق حەمە ئەمین | بەڕێوەبەری کارگێڕی سەنتەری توێژینەوە | ئەندام |

**تێبینی: کۆنفرانس تێچووی مانەوە و میوانداری و نانخواردن و هاتوچۆی بەشداربووان بە توێژینەوە و ئەندامانی لیژنەی زانستیی کۆنفرانس لە ماوەی کۆنفرانسدا لە ئەستۆ دەگرێت.**